نامەی ڕۆماننووس و نووسەر و وەرگێڕ

خاتوو بەیان سەلمان

ئازیز کاک دلاوەر،

دووبارە سپاس بۆ نامەکەت لەسەر واتسئاپ و بۆ ڕوونکردنەوەکانت. لەبەر چاوم نەمتوانی لەسەر تەلەفوون نامەی درێژتر بنووسم بۆیە بە ئیمێل لەسەر کۆمپیوتەرەکەم نووسیم .

بێگومان تەواو لێت تێ دەگەم و 'خۆپارێزیی' هەقی خۆتە. بەداخەوە ئەمڕۆ ئەم نێوەندی ڕۆشنبیری کوردیە، ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینەی هەر دەناڵێنن بەدەستییەوە. ناچار دەبێ خۆت دوور بگریت و دەنگت کز بکەیت، ئەوەش لە قازانجی ڕاستی و داهێنان نییە.

ئەو کەسە کەمانەی بەبێ شایەن لە گۆڕەپانەکە دەرەکەون خۆیان دووبارە دەکەنەوە. بابەتەکانیان هیچ نموودێکی نییە. کەسانێکی جدیی لەلایەکەوە هەوڵ دەدەن نەبنە بەشێک لەو بازاڕە "گشتییە" زۆر و بۆرە، لەلایەکی ترەوە کەسانێک دەستیان درێژترە سوود لەوە دەبینن و مۆنۆپۆلی ئەو دۆخەکە دەکەن کە لە بنەڕەتدا بۆیان لەبارە و ئاسانکاریی بۆ کردوون. بەڵام لەو نێوەندەدا کەسانیک بەو ئاگرە دەسوتێن و بێجگە لە خۆشەویستی ئەدەب و جدییەتی کارکردن و بەرهەمهێنان، نە مەبەستی تریان هەیە و نە بەدوای دەستکەوت نەگەڕاون، مەگەر دەسکەوتی خوێنەری ڕاستەقینە و جدیی کە هەقێکی شەرعییە.

لێرەوە مەبەستی منیش لەو نووسینە تەنیا ئەوەندە بوو، کە لە سەرێکەوە تیشک بخەمە سەر چەند دەقێکی جوانی ئەو شاعیرانەی بە ئەزموونن تا بە خۆڕایی تێنەپەڕن، لە سەرێکیشەوە هانی چەند گەنجێک بدەم کە نەکشێنەوە و بەردەوام بن. چونکە دەیان کەس هەن زۆر پڕ بەهرە و لێهاتوون، بەڵام دەرفەتی دەرکەوتنیان نییە! ئەم جیهانەی ئێمەمانان غەمناکە، بە ڕاستی شوێنێکە بۆ دروستکردنی نەهەمەاتی و بێ متمانەیی و سەرلێشێوانی گەنجان و خۆ بەروازێکردنی ئەو نەوەیەی ئێمە بە ویستی خۆمان. بە دڵنیاییەوە ئەوە نائومێدییە لە دۆخەکە! ئێمەمانان ئەگەرچی زۆریش تووڕەبین لەو جەنجاڵە بێهودەیە، بەڵام هێشتا بەهرەی ئەوەمان پێ ماوە لێبوردە و بەخشندەبین و بوار بۆ کەسانی تر خۆش بکەین بێنە پێشەوە. ڕەنگە هەر ئا ئەوە سیمای جدییەت بێت.

لە تەک نووسینی ڕۆمان سەرقاڵی ئەم نووسینەم بووم. هەر جارەی یەکێکم خوێندۆتەوە، چەند کەسێکیان لەو گەنجانە منیش نایانناسم، بەڵام برادەران ناوەکانیان بۆ ناردم و ئەو دەقانەم لێ هەڵبژارد کە لەگەڵ تێمای ناونیشانەکە دەگونجان، ئیتر لێرەوە شیکردنەوەم بۆیان کرد.

یەک کەسێکم ماوە تەواوی بکەم، ئەگەر زانیم دەگونجێت دەقەکە وا لێدەکەم کە ببێتە دوو بەش بەڵام لە هەمان کتێبدا؛ دەستەی شاعیرە بە ئەزموونەکان و دەستەی ئەوانەی گەنجن.

بە هیوام لە داهاتوودا یەکتری ببینین و زیاتر بۆچوونەکانمان ئاڵوگۆڕ بکەین.

ئومێدی بەردەوامیی و ئاسوودەییت بۆ دەخوازم، هەر بژیت.

بەیان

٣/١/٢٠٢٦